# تراژێدی پەنابەرانی ڕۆژهەلات لە باشوری کوردستان

## سکاڵای هاوسەری سەید مەنسووری ناسری کە لە دەروازەی کۆیە لەگەل سێ هاورێی پێشمەرگەی ئێعدام کران

### مەنالڵ تایەر بە مەلا عبدالله حەسەنزادە: ئۆباڵیان بە گەردنی هەمووتان!

یازدەی سەرلەبەیانی ڕۆژی 1997/12/8

**من مە نال تایەر ، لە دایک بوی سالی 1961 دەرچوی ئامادەی پێشەسازیم . بۆ ماوەی 17ساڵ مامۆستای بەشی پیشەیی بووم لە چەند ناوەندێکی شاری سلێمانی . لە سالی 1994 ژیانی هاوسەریم پێکهێنا لەگەڵ شەهید سەید مەنسور ناصری. لەگەڵ دەست پیکردنی ژیانی هاوسەرێتیم کەوتمە ناو کۆمەڵێک کارەساتەوە.وەکو تیرۆر و هەرەشە لەلایەن کەسانی بەکرێگیراوو خائین بە گەلی کوردەوە'.**

**من باس لە سالی 1994–1997[دەکەم] لەو سالەدا هاوسەرەکەی من بەرپرسی پێوەندییەکانی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە سلێمانی بوو.**

**سالی 1994 کە چوومە ژیانی هاوسەرێتی، ویکرا لەگەڵ هاوسەرەکەم لە ناو بنکەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە گەرەکی ئاشتی نزیکی سکرتاریەتی جلال طالبانی و کۆسرەت بوو. پاش چەند جار بەکرێگیراوان هاتنە سەرمان و دراینە بەر تەقە. پاش ماوەیەک لە لایەن دەسەلاتەوە داوامان لێکرا کە بنکەکەمان لەو شوێنە بگوێزینەوە. لەوکاتەدا دۆزینەوەی خانووی بەکرێ ئاسان نەبوو. لەبەر ئەوە بنکەکەمان داخست. هەتا مالێکی ترمان پەیدا کرد.لەبەر ئەوەی بنکەکەمان نزیک بوو لە سکرتاریەتی دەسەلاتەوە وتیان، ناکرێ ئێمە پاسدارو اطلاعات هاتوچۆمان دەکەن و ئێوەش لە وێدا بن. لە دوای داخستنی مقەر، بە ناچاری گواستمانەوە بۆ گەرەکی گردی موهەندسین. لەوێش دەرفەتیان پێنەداین. بە هەموو شێوەیەک هەرەشەمان لێدەکرا.بە تەلەفون، بە تەقەکردن. بەدۆزینەوەی کەسانی نزیک لیمان بۆ کوشتنی سەید مەنسور کە لەئەنجامدا چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون.**

**ئەو هەلومەرجە نالەبار و دژوارە سەید مەنسوری ناچارکرد کە بە تەلەفون پەیوەندی بکات بە دوکتور کمال فواد ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە کاتی خۆی لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە شەری براکوژیدا لە گرتن و کوشتن رزگارکرابوو ویێی وت :کاک دوکتور چەند جار ئیتتیلاعات هاتوونە سەرمانو تەقەیان لێکردووین.،چی بکەین؟لە وەلامدا وتی : بگوێزنەوە شوێنێکی تر ! سەید منصور پێیوت: ئێمە تەنیا یەک و دوان نین... دوو خانوومان بە کرێ گرتووە و چەند پێشمەرگەمان هەیە و بچینە هەر شوێنێک ئەوان بەشوێنمانەوەن**

**سەید منصور زۆر بێتاقەت و خەفەتبار بوو...**

دۆستانی کورد هەواڵیان بۆ سەید منصور هێنا کە خانویەک نزیکی بنکەکەمانە و اطلاعات بە تەمان بە کرێی بگرن. سەید منصور داوای لێکردم کە لەگەل کادیرێکی حیزب بە ناوی کاک فتاح و ژنێکی بە تەمەن ئاشنای خۆمان بچین بۆلای خاوەنی ماڵەکە کە ناوی یا.. . زەڕنگەر بوو. ئێوارەیەکیان هەرسێکمان چوین بۆ ماڵیان و پرسیارمان لێکرد وتی: بەڵێ داوای ئەو خانوەیان کردوە بۆ کرێ بۆ ماوەی ساڵێک و پارەیەکی باشم ئەدەنێ کە نرخی خانوەکەیە تقریبا پێیان وتوم بۆ سەفارەتی ئێرانە . وتی منیش لە ئاڵمانیا دائەنیشم و نەمزانیوە بۆ اطلاعاتە. ئەگەر یەک ملیون دیناریشم بدەنێ نایاندەمێ. یەکسەر بە تەلەفون پەیوەندی کرد بە نووسینگەی ع خانوو کڕین و کرێدان وتی خانوەکەم نایەم بە کرێ. هەرچەندە ئەمەوێت ماڵ و منالەکەم بەرم بۆ ئەڵمانیا و پێویستم بە پارەیە، بەلام مادام بۆ گرتن و کوشتنی ئێوەیە نایدەم. ئەو کەسە شایەنی ڕێزو سوپاسە و لە دوایی‌دا دەستخۆشیمان لێکرد.

پێمخۆشە بە کورتی باسی سێ سال هاوسەرێتی خۆم بکەم لەگەڵ شەهید کە بەداخەوە لەو ماوەیەدا نەمانتوانی میواندارییی کەسیک بکەین و تەنانەت هاورێکانیشم نەیانئەوێرا سە ردانمان بکەن. هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووین کە تەقەمان لێبکەن. بە بۆنەی ئێمە ژیانی دراوسێکانیش کەوتبووە مەترسییەوە. ئەو هەلومەرجە تاڵە بەجۆرێک کاری کردبووەسەر ژیانمان کە سەید منضور بە هۆی نەچوونەدەرەوە و گوشاری روحیی دەستی راستی لە کاتی نووسیندا دەلەرزی.سەید منصور وەکو زیندانێک بوو بکە کلیلەکەی بەدەست خۆی بووبێ. پاش هەوڵێکی زۆر سەید منضور چاوی بە دوکتور کەوت. دوکتور پێی وتبوو کە شێوەی کارو ژیانی دەبێ بگۆڕێ.

وەکو هەموو ئافرەتێک کە پێی‌خۆشە سەرەتای ژیانی هاوسەرێتیی خۆش بێت بەداخەوە نەمانتوانی بازارێک بکەین. یان ئاهەنگێک بچین یان سەیرانێک بکەین. بە پێچەوانەوە ژیانی ئێمە پڕبوو لە خەفەت و ڕشتنی فرمێسک بۆ شەهید بوونی هاورێکانی و تەنانەت ئەگەر بۆ کارێکی حیزبی بچوایەتە دەرەوە هەتا دەهاتەوە دڵم لە ناو مستم دا بوو حەزم نەدەکرد زەنگی تەلەفون لێبدا. ئەموت ئێستا لە emergency ئێمێرجینسیی‌یەوە تەلەفۆن دەکەن. .... زۆر دەترسام و ترسانەکەم بەهەق بوو. بە تەلەفون نە بوو بە دەم وتیان بریندار بووە.

لەو ماوەیدا اطلاعات چەند خانوویەکیان بەکرێ‌گرتبوو ( بەئاشکراو بە نهێنیی). لە کەسانێک کە دراوسێی ئەو خانووە بوون بیستوومە: لە ئاشکراکان خانوویەک هەبوو پێیان‌دەوت خانوی سەعدی ئەحمەد پیرە ( ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانی) لەسەر گردی رعایە بوو کە لەو خانوەدا پێشمەرگە و کوردی رۆژهەلاتیان لە خاڵەکانی پشکنینی دەوری سلێمانی ئەگرت و لەوێدا پاش ئەشکەنجەدان و کوشتنیان لاشەکەیان لەتورەکەدا لەسەر جاددەی شەستی سلێمانی فڕێ‌دەدا.

هەر لەو کاتەدا کە لەشاری سلێمانی پێشمەرگەیان تێرۆڕ دەکرد ، سەید منصور و هاورێکانی لاشەکەیان دەبرد لە بازیان کە چەند کیلومیترێ لە خوار شاری سلێمانی‌یەوە کە چەند کومیتەی حیزبی لەوێ‌بون بەخاکیان ئەسپاردن. کە دەگەڕایەوە زۆر خەفەتبار دەبوو و من لەو زیاتر.

لە ناو حیزب و لە دەرەوە کارەساتەکانم دەبینی لە ناخی خۆمدا خۆم دەخواردەوە. ئەمە هەتاکەی؟ هەموو بێ دەنگن. تەنها ئەوەندەم دەسەلات بوو کە سەردانی مالەکانی دەفتەری سیاسیم دەکرد هەر لە دانیشتنی سەر سفرەی نیوەڕۆیان دانیشتنی عەسرانە لە گەڵ ژناندا بە بێ

ئاگاداری سەید منصور دەمت: هەق نییە ئەو بنکەیەی سولەیمانی بمێنێ کە سانی دڵسۆز پێیان دە وتم :بۆچی لەبەردەستی ئەمانەدا دانیشتوون کە دەتان کوژن. .
ئەو کادیرانەی کە نەخۆشیان دەبرد بۆلای دکتۆر لە سلێمانی دەیانوت خەلک گاڵتەمان پێدەکەن چەکمان پیەشانەوەیە و لە پشتەوە لێمان دەدەن. بەداخەوە چەند جارێک بە سەید منصوریان دەوت: ئێستا دارو بەرد دوژمنتانە تەنها ئەو برازیلییە سپیەتان هەیە و ئەو لانکرۆزێرە کە زۆر ئاشکرایە بۆچی ناتوانن بیگۆڕن بە چەند سەیارەیەکی تر؟
یەکیک لە خێزانەکانی ئەندامی سکرتاریەت وتی ئەگەر مقەرەکەی سلێمانی نەمێنێ ئەوا دێن بۆ ئێمەش.
ئەوە بو لە رۆژی 1997/12/6 لە شاری سلێمانی چەند پێشمەرگە درانە بەر تەقە لە نزیکی مەڵبەندی یەکێتی نیشتمانی. لە سلێمانی کە لەئەنجامدا سایەقی ماشێنەکە بریندار بوو کە ئەو ماشێنەی حیزب وایانزانیبوو سەید منصوری تیایە . پاشان دۆستان تەلەفونیان دەکرد بۆ مقەر و ئەیان وت: ئۆخەی کاک منصور سەلامەت بویت.
نووسینەوەی ئەم کارەساتە لەبەردەم وەرگرتنی نووسینی نامەی سەرئاواڵە و نامەی دادگادا ئەوەی ئەمن زانیومە بۆتان دەنووسم.
ئەوە بوو لە رۆژی 1997/12/8 شەهید سەید منصور لەگەل هاوریکانی بە دوو ماشێنی جوری برازیلی بە ریکەوتن بەرەو کۆیە لە رێگەی دوکان بەرتەقەی تێروریستان[ کەوتن] لە ئەنجامدا منصور فتاحی شەهید دەبێت و سێیانی دیکە بریندار دەبن و سەید منصورو هاورێکانی دەتوانن تێرۆریستان بەرەو بەرزاییەکانی کۆیە[ راونێن] و بتوانن دەست بگرن بە سەر ماشێنی تێروریستەکان کە جۆری پیکابێ دەبل قەمەرەیە و لاشەکەی شەهید منصور فتاحی تێدەکات و بەرەو دەفتەری سیاسی بەرێدەکات کە لە ماشێنەکەدا چەند شریت و دوکۆمێنت لە ناو سەیارەکەدا هە بووە.
لە کاتی تەقەکردنی تێرۆریستەکان بەر تانکی بەنزینی ماشینەکەی شەهید منصور فتاحی دەکەوێت و ماشینەکە لە کار دەکەوێت . دەڵێن گوایە سەید منصور و هاورێکانی ئاسایشی دوکان گلیان داونەتەوە و پێیاندەڵێن بۆ تەقەتان کردووە. ئەوانیش دەڵێن ئەوان تەقەیان لە ئێمە کردووە . بە هەرشێوەیەک نازانم لەوێ رزگاریان دەبێت . سەید منصور و هاورێکانی بە خەفەت و دڵشکاوی یەوە بەرێدەکەون بۆ دەفتەری سیاسی . ئەبێت سەید منصور چەند بێتاقەت بووبێت . چونکە شەهید مەنسوری فتاحی هاورێ چەند ساڵ هاوخەباتی یەکتر بوون.
لە رێگا دا لە ناوچەی خلکان کە دەکەوێتە نێوان دوکان و کۆیە ،دەگەن بە مەفرەزەیەکی پێشمەرگەی حیزب کە دەچێ بۆ هێنانەوەی ماشێنەکە ی شەهید مەنسوری فتاحی. لە مەفرەزەکە پێشمەرگەیەک کە ناوی یداللە شیرین سخن بووە ، دەڵێت من لەگەڵ کاک سەید منصور دەبم و دەچێتە ناو ماشێنەکەیان کە دەگەنە خاڵی پشکنینی دەروازەی کۆیە ئەو خاڵی پشکنینە هەمیشە یەک یادوو چەکداری تیا بووە، بەلام لەبەر ئەوەی پلان بووە کۆمەڵێک چەکدار چاوەڕێی ئەمان دەکات بە سەرۆکایەتی حاجی مصیفی کە لەوکاتەدا بەرپرسی ئاسایشی کۆیە بووە ئەمان دەگەنە ئەوی سەیارەکەیان ڕادەگرن کە دەڵێن: سەید منصور شۆفیری سەیارەکە بووە. دەرگاکەی کردووەتەوە و لە لایەن چەکدار "ئەرسەلان حەمەسور حمە ئەمین" دەدرێتە بەر دەسرێژ و لە لاکانی تریشەوە چەند چەکدارێک ماشێنەکە دەدەنە بەر تەقە . بەداخێکی سەختەوە هەر چواریان شەهید ئەبن و دوای ئەوە لاشەکانیان بەرەو دەفتەری سیاسیی دەبەن . هەروەها

لەو کاتەدا ئەندامانی دەرەوەی ولآت لەوێ دەبن بە کامێرای ڤیدیۆ تۆماری دەکەن. هاورێیەکی جوانە مەرگە  بە ناوی ح وتی براژن دەتەوێت تەماشای بکەیت کە چۆن دەستریژی لێکراوە لەسەر بۆ خوارەوە . منیش وتم ناتوانم تماشای بکەم ..
من لە ماڵەوە بووم . ماڵ  ودیوی کارەکەی ئەو پێکەوە بوون و وتی منال من دەڕۆم تۆ ئاگات لێرە بێت منیش هەر وەکو جارەکانی  دیکە کە برۆشتایەتە دەرەوە زۆر نیگەران دەبووم هەتا دەگەڕایەوە.بەڵام ئەمجارە نەمزانی کە ناگەڕێتەوە. دەورو بەری سەعات یازدەی بەیانی جەرەسی تەلەفون لێیدا. یاالله هەلم گرت و وتم فەرموو. وتیان: لە کۆمەڵەوە زەنگ لێدەدەین . یەکسەر وتم چی بووە وتیان تەقەکراوە. تەنها کاک منصور فتاحی شەهید بووە.وتیان ئەوانەی دیکە سەلامەتن. دانیشتبووم بۆ منداڵەکانی دەگریام کە خاوەنی سێ کچ بوو. پاش نیوەڕۆ گوتیان براژن کاک  سەید منصور  بریندارە و وتوویەتی بابێت بۆلام. وتم ئەی شایی کچم؟ گوتیان نە. بە منی وتووە مقەڕ بەجێ نەهێڵم. چۆن بەجێیبێڵم؟ وتیان قەی ناکا. ئەوەندەی پێنەچوو ، پەروانە خان،خێزانی شەهید رفعت و من و برای شەهید ( یدالله کە پێشمەرگە بوو لە بنکەی سلێمانی بە ناوی عارف رێگیان خستین بۆ دەفتەری سیاسیی . لەرێگەدا زۆر نیگەران بووین دەمان وت چی رویدا بێت. ئەو ڕێگایە هەر تەواو نەدەبوو. لە سایەقی تاکسیی‌یەکم پرسی ئەرێ کاکە هیچ رویینەداوە؟  وتی نەخێر تەنها لەو سیطرەیە نەبێت کۆمەڵێک اطلاعاتیان کوشتووە. منیش وتم بەقوربانی دەستیان بم. نەمزانی  ئەو "اطلاعاتیی" یانە کۆمەلە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون    کە دەسەڵات لە دوای تێرۆرکردنیان بە خراپ ناویان دەبەن بۆ داپۆشینی خیانەتەکەیان .

کە گەیشتینە دەفتەر ،ئێوارە خەمبارێکی زستان، ئاسمانێکی تاریک ، کشومات ، پرسیارم کرد کوا سەید منصور ؟ کەس دەنگی نەکرد . بێدەنگ بوون . هەتا بردیانین بۆ بەردەم سکرتاریەت کە ئەندامانی دەفتەر هەموویان  وەستا بوون . مەلا عەبدوڵلا گوتی کەسیان نەماون. منیش هاوارم کرد. ئۆباڵیان بە گەردنی هەمووتان ! چەند جار گوتم مقر داخەن داتاننەخست. هەموویان بێدەنگ بوون.پاشان بردیانین بۆسەر جەنازەکانیان کە لە خەستەخانە کەی دەفتەر بوون لەسەر نەقالەکان هەر چواریان ریزکرابوون. باوەرتان بی دوای دوازدەساڵە بە فرمێسکەوە ئەینوسم . گوتیان ئەوە سەید منصورە با پارچەکەی سەردەم  و چاوی لا ببەین سەیری بکەیت. وتم نا چون ئەم بەیانی[یە] ماڵی بەجێهێشتووە ، با ئەو شێوەیەی  لەبەرچاوم بێت . ئەو شەوەماینەوە بۆ بەیانی بە خاکیان سپاردن. لە دوای ئەوە من بە دڵی شکاو و چاو بە فرمێسک و نا ئومید گەڕامەوە بۆلای تەنیا کچە شیرینەکەم. کە گەرامەوە بۆ مقەر لای ئێوارە کەی بەڕێزان دوکتور عزالدین مستەفا رەسوڵ و مامۆستا جەماڵ عەبدوڵ هاتن بۆ لامان  و وتم : بەڕێزان! بۆچی سەید منصور ئەبێ لە سەیتەرەی یەکێتی نیشتمانی شەهید بکرێت؟ بێ دەنگ بوون و، مامۆستا جەماڵ گوتی خوا حەقیان بستێنێ.
بەداخەوە کە نەماتوانی  پرسەکەی لە مزگەوت بۆ دابنێێن..
پاش مانگێک یان زیاتر مقەرەکەی سلێمانی  وئەو کومیتانەی ناوچەی تانجەڕۆ و ناوچەی بازیانیان گۆاستیانەوە بۆ دەفتەر و دەوروبەری .

من دوایی پرسەکە گەڕامەوە مالی باوکم . پاش ماوەیەک مامۆستا جمال عبدول  بە کە سیکی ئاشنادا بە ناوی ڕ جوابی بۆناردم کە بیکەن بە شەهیدی خۆیان. منیش وتم: نەبمانکوژن  و نەبمانکەن بە شەهید.


پێش بەجێهیشتنی کوردستان چەند جارێک چووم بۆ زیارەتی سەرقەبران. مەلا عەبلاو پێیوتم: کە تۆ وتت  ئۆبالی هەموویان بە گەردنتان ، چەندە بەزەییم بە تۆدا دەهاتەوە ئەوەندە بەزەییم بەخۆمدا دەهاتەوە.  دوای ئەوە پرسیارم کرد لە کاک مستەفای هیجری، وتم :مامۆستا وای پێوتوم. کاک مستەفا وتی مامۆستا بۆچی بەزەیی بەخۆیدادەهاتەوە؟ دیارە منیش دەمەویست بزانم مەبەستی چی بوو؟

پاش چەند مانگێک کەسێک بە ناوی حاکم قباد تالەبانی هات بۆ مالی باوکم و گوتی ئەمانە دێن دادگایی بکوژەکان بکەن. منیش وتم لە کوێ شەهید بون . لەژێر دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی  و سەیتەرەی یەکێتی نیشتمانیی. دێم تەنیا بۆ بینینیان.بەلام کێ بەوانی وتووە ئەوەبکەن؟ ئەوە بوو لەرۆژی 1998/6/20 دادگایەکی کارتۆنی داندرا. کە ئامادەبووم داوایان کرد سوێند بخۆم .

گوتم نایخۆم . من هاتوم بۆ بینینیان. بزانم چۆن دەستیان چووە خوێنی ئەو پێشمەرگانە. هەستم کرد کە دادگایی یەکە نووسراوەتەوە و ئامادەکراوە.  من خۆم پێڕانەگیرا و زانیم زولمێکی گەورە  لەمن و کەسەکانم کراوە لەدوای سوێندخواردنی شایەتەکان ، پرسیارکرا لە بکوژەکان ئەوان وتیان : " ئەوان تەقەیان لە ئێمەکردووە ئێمەش بۆ دیفاع لە ئالای سەوزی یەکێتی نیشتمانی کوردستان تەقەمان لێکردوونەتەوە. ئەو کاتە من هەلسام و لە هاتنەدەرەوەمدا پێم وتن مەحکەمەکەتان جوان بکەن! سەرۆکی دادگا پێیوتم برۆ!، برۆ !برۆ دەرەوە!

بەداخەوە کە مالت وێران دەکەن ناشتوانیت بلێی بۆ واتان کرد ؟ چەند جار پێیان وتم نەلێیت یەکێتیی بووە ،چونکە لەسەرت دەکەوێت . منیش ئەوە بوو لە مانگی 1998/10 کوردستانم بەجێ هێشت.

سالی 2009 چوومەوە لە سەرۆکی دادگە داوای کۆپی پەروەندەکەم کرد کە نەیدامێ و ئەوەش وەلامەکەیەتی کە خۆتان ببینن.



حاکم لەولامدا نووسیویە

ئەوراقی ئەو کێشەیە کۆپی ناکرێ ...